# قوتابێتی - 1

## وانەی نۆیەم

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### ستایش و پەرستن

### خودا خۆشەویستییە

فێربکە: ئایا (پەرستن) چییە؟

هەڵۆێستی ملکەچی و نوشتانەوە و تەرخان کردنە بۆ خودا، ئەمانەش بەرێگای نزای جۆراوجۆر و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا سەبارەت بە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خودا فێردەبین.

رابەری گروپ: ئەو فێرکردنە بخوێنەوە کە دەڵێت (خودا خۆشەویستییە).

بیرۆکەی سەرەکی: خودا خۆشەویستییە

(ئیشایا43: 2) (رۆما5: 8-10) (1یۆحەنا4: 7-12) بخوێنە.

1 خودا بە سروشتی خۆی خۆشەویستییە.

**ئـ** خودا نەتەوەکانی جیهانی وەك کەسێك خۆشدەوێت کە بچێتە ناو ماڵێکی سووتاو و هەڵەشەیی لەسەر ژیانی خۆی بکات بۆ ئەوەی خەڵکێتر رزگار بکات لە مردن. (ئیشایا29: 6) (ئیشایا30: 27-28) (ئیشایا43: 2).

**ب)** خودا نەتەوەکانی جیهانی وەك شوانێك خۆشدەوێت کە مەرەکانی خۆشبوێت کاتێك یەکێکی ون بێت بەشوێنیدا دەگەرێت هەتاوەکو دەیدۆزێتەوە.

**پ)** خودا بەشێوەیێك خۆشمانی دەوێت وەك دایك و باوکێك کە منداڵەکانیان خۆشبوێت. بایەخمان پێدەدات، دەمانپارێزێت، مەشقمان پێدەکات و فێرمان دەکات.

**ت)** خودا وەك هاورێیەك خۆشمانی دەوێت کە هاورێکەی خۆشبوێت. بۆیە حەزدەکات لەگەڵمان بێت و هەندێك کاری چاك ئەنجام بدات لەگەڵمان.

**ج)** بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، خودا خۆشەویستییەکی نایەب ئێمەی خۆشدەوێت کە تەنها خودا دەتوانێت بەم جۆرە خۆشمانی بوێت، خودا تەنها بە هەست و سۆز ئێمەی خۆشناوێت بەڵکو خۆشەویستییەکی قوربانیدەر ئێمەی خۆشدەوێت. خودا خۆشەویستی قوربانیدەری بەرامبەر ئێمە سەلماند بە بەخشینی تاکە رۆڵەی خۆی عیسای مەسیح لەسەر خاچ لە پێناوی ئێمە. بۆ ئەوەی رزگارمان بکات لە گوناه و لە لەناوچوونی تاهەتایی، چونکە خۆشەویستییەکەی وایکرد کە عیسای مەسیحی وەك قوربانییەکی کەفارەتی بنێرێت لە پێناوی لێخۆشبونی گوناهەکانمان. ئەمەش واتای ئەوەیە، کاتێك عیسای مەسیح لەسەر خاچ گیانی لە دەستدا، تورەیی خودای لەسەرمان لابرد کە شایەنی بووین بە هۆی گوناهەکانمان، عیسای مەسیح گوناهەکانمانی لابرد و ئاشتی کردینەوە لەگەڵ خودا.

2 سەرەتا خودا ئێمەی خۆشویست

هەردەم خودا دەستپێشخەرە لە بیرۆکە، پیلان، وشە، کردەوەکانی سەبارەت بە ئێمەوە (ئەفەسۆس1: 4).

**ئـ** پێش ئەوەی لەدایکبین، خودای باوك عیسای مەسیحی کوری نارد بۆ ئەوەی لەسەر خاچ لە پێناوی گوناهەکانمان بمرێت (1پەترۆس3: 18).

**ب)** پێش ئەوەی گوێمان لەو بێت، خودا بڕیاریدا پەیامی ئینجیلمان پێ بگەیێنێت (روما10: 14-17).

**پ)** پێش ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنین، لە ژێر تورەیی خودا دەژیاین (روما1: 18) نەك لە ژێر خۆشەویستی و نیعمەت. هەروەها پێش ئەوەی باوەری پێ بهێنین خودا کاری لە دڵمان کرد بۆ ئەوەی پەیامەی ئینجیل تێبگەین و باوەڕی پێ بهێنین (یۆحەنا 16: 8).

خودا خۆشمانی ویست بۆ ئەوەی ئێمە بۆ خۆی دەستنیشان بکات. ئێستاش پاش ئەوەی خۆیمان قازانج کرد و قبووڵیمان کرد، دەتوانین بە خۆشەویستی مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستییەکەی بکەین. چونکە خودا نایەوێت خۆشەویستی تەنها لەلایەن ئەوبێت، بەڵکو لە کوڕەکانی داوا دەکات بە هەمان شێوە خۆشیان بوێت، یەکتریان خۆشبوێت چۆن ئەو ئەوانی خۆشویست (مەرقۆس12: 30-31). پاش ئەوەی باوەڕمان هێنا بە عیسای مەسیح، هیچیتر لە ترسی لێپرسینەوەی خودا ناژین (لە دۆزەخ) بەڵکو لە خودادا دەژین و لە خۆشەویستی بەرامبەر خودا و کەسانیتر دەژین، دڵنیاین لە ڕۆژی لێپرسینەوە (1یۆحەنا4: 17-18).

| پێش مەسیح | مەسیح |
|---|---|
| • بێ باوەر بووین.<br>• لە ژێر توڕەیی خودا بووین (ڕۆما1: 18).<br>• لەژێر نەفرەتی خودا بووین (گەلاتیا3: 10).<br>• لە لێپرسینەوەی خودا دەترساین (1یۆحەنا4: 17-18).<br>• گوناهکار و لەناوچوو بووین (لۆقا5:31-32 ، 19: 10) | • راستی پەیوەندیدار بە خودا و بە ئێمەی ئاشکرا کرد.<br>• کەفارەتی پێشکەش کرد و توڕەیی خودای لە ئێمە دوورخستەوە (1یۆحەنا4: 10)، لەگەڵ خودا ئاشتی کردینەوە (ڕۆما5: 9-10).<br>• کەفارەتانی دا لە نەفرەت و خۆی بوو بە نەفرەتێك لە پێناومان (گەلاتیا3: 13). |

**پاش مەسیح**

- بوین بە باوەڕدار (دان بە خودا دەنێین).
- لە ژێر خۆشەویستی خوداین (1یۆحەنا3: 1)، زانیمان خودا پێشان خۆشمانی ویست و تاهەتایە خۆشمانی دەوێت!
- لە ژێر بەرەگەتی خوداین (گەلاتیا3: 14) (ئەفەسۆس1: 3).
- متمانەمان هەیە بە ڕۆژی لێپرسینەوە (1یۆحەنا4: 17-18).
- ئێستا هەین و رزگاربوانین (لۆقا 15: 23).

خاچ (مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح) تەنها ئەو توانای هەیە لەسەر گۆڕینی توڕەیی خودا بە خۆشەویستی!

**3** خودا خۆشەویستییەکی تاهەتایی خۆشمانی دەوێت

**بخوێنە:** (ئیرمیا31: 3) (ڕۆما8: 39). ئەمڕۆ خودا خۆشمانی دەوێت بە هەمان ئەو بڕەی سەرەتا خۆشمانی دەویست. بەردەوام دەبێت لە خۆشەویستییەکەی بۆ ئێمە بە هەمان بڕ کە لە رابردوودا خۆشمانی ویست لەسەر خاچ. چونکە خۆشەویستی خودا کەم و زیاد بەرەو خوارەوە و بەرەو سەرەوە و جولانەوەی تێدا نییە وەك باری مرۆڤ کە خۆشەویستیان دەجولێت و زیاد و کەم دەکات بەپێی هەست و بارودۆخیان. چونکە خۆشەویستی خودا تاهەتایی و نەگۆڕە. هیچ شتێك ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە عیسای مەسیحی خوداماندایە.

**4** خۆشەویستی خودا دەمانگۆڕێت

خۆشەویستی خودا تەنها ناگاتە هەستمان بەڵکو دەشمانگۆڕێت، چونکە خۆشەویستی وامان لێدەکات خۆشمان بوێت و یەکترمان خۆشبوێت، بەڵکو کەسانی تریشمان خۆشبوێت کە رقمان لێیانە و دوژمنەکانیشمان خۆشبوێت. لە راستیدا لە توانامان نەبوو خودامان خۆشبوێت تەنها پاش ئەوەی خودا ئێمەی خۆشویست و خۆشەویستی خستە دڵمان. لە (ڕۆما5: 5) دەخوێنینەوە *﴿چونکە خۆشەویستی خودا رژاوەتە ناو دڵمان، بە روحی پیرۆز کە پێمان دراوە﴾* چونکە خۆشەویستی لە بنەڕەتدا لە دڵمان هەڵناقوڵێت، بەڵکو تەنانەت لە خوداوە هەڵدەقوڵێت (1یۆحەنا4: 7) خودا بە سروشتی خۆی خۆشەویستە. هەروەها تاکە سەرچاوەی خۆشەویستییە لە هەموو جیهاندا.

رابەری گرووپ: خودا بە خۆشەویستی بپەرستن. لە گرووپی دووانی یان سیانی بپەرستن.

**ئینجیلی یۆحەنا**

## بەشداری کردن

بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی روحی قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و راماتنان لەو بڕگە کتێبییانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (یۆحەنا1: 1 - 4: 22) لەگەڵ رەچاو کردنی ئەوەی بەشدارییەکان کورت بێت.

گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە راستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن، قبووڵی بکەن، کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## فێرکردن

### گوێڕایەڵی: خوێندنەوە سبارەت گەشەکردنی روحی

### ئـ ) بەرپرسیارێتی گەشەکردن

کێ بەرپرسیارە لە گەشەی روحیت؟ دوو نموونە هەیە عیسای مەسیح هێناویەتەوە لە (مەرقۆس4) وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە.

**بخوێنە:** (مەرقۆس4: 1-20) بەراورد بکە لەگەڵ (مەتا13: 3-23) و (لۆقا8: 4-15).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** پەیامی نموونەی چێنەر چییە؟

**تێبینییەکان:** تۆوەکان ئاماژە بە وشەی خودا دەکەن (لۆقا8: 11)، بێگومان ئەو پەیامە پەیوەندی بە شانشین هەیە (مەتا13: 19). هەروەها خاك ئاماژە بە دڵی مرۆڤ دەکات (مەتا13: 19) (لۆقا8: 12).

**ئـا ئەو تۆوانەی کەوتنە سەر رێگا** وێنەیەکی دڵی وەڵام نەدراو و بێ هەستە. ئەو کاتەی باری دڵت و هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبێت، ئەوا تۆ وەڵامدانەوەت نییە لەگەڵ وشەی خودا. هەردەم وابیر دەکەیتەوە کە وشەی خودا هیچ شێتکی گرنگی تێدا نییە. بۆیە هیچ رەنجێك ناخەیتەکار بۆ تێگەیشتنی پەیامی کتێبی پیرۆز (مەتا13: 19) یاخود وەڵامدانەوەت نییە لەگەڵی. لەدەرەنجامی ئەوە دڵت رەق دەبێت، لەبەرئەوەی شەیتان هێزی لە ناوبەری خودا دەزانێت، بۆیە ئەو هەردەم ئامادەیە بۆ لێسەندنی ئەو وشەیە کە هێشتا قبووڵت نەکردووە. وانەی سەرەکی ئەوەیە، وشەی خودا (مەرقۆس4: 20) و هەموو رنجێکت بخەیتەکار (مەتا13: 23) کە گوێت لی دەبێت یان دەیخوێنی! بۆیە پێویستە مامەڵە بکەیت لەگەڵ هەر هەڵوێستێکی گوێنەدان و دواخستن و دژایەتی.

**ب) ئەو تۆوانەی کەوتنە سەر زەوی بەردەڵان** وێنەیەکە لە (دڵی بە پەلە)، ئەو کاتەی باری دڵت و هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبێت، ئەوا تۆ وەڵامدانەوەت لەگەڵ خودا بە هەڵەشی هەڵچوونە. تۆ وشەی خودا قبووڵ دەکەیت بەبێ ئەوەی بیر بکەیتەوە لەوەی پێویستە رێکبخرێت لە قبووڵ کردنت. لە سەرەتادا تۆ هەست بە خرووشاندن و پەرۆشی دەکەیت دەربارەی وشەی خودا. بەڵام کاتێك گرفت و چەوسانەوە دێت دەگەڕێیتەوە. بەم شێوەیە تۆ بێ رەگیت، واتا ناتوانیت پارێزگاری لە وشەی خودا بکەیت. نازانیت کە قوتابێتی پێویستی بە بەدەستدانی خود و نکۆڵی کردن لە خود هەیە؟ هەتاکو قوربانی دان و ناڵاندن هەیە. وانەی سەرەکی ئەوەیە کە پێویستە وشەی خودا (لۆقا 8: 15)، پەیوەست بێ بە باوەر و گوێڕایەڵی کردنی لە هەموو باروردخێکدا بێت. یەکسەر مامەڵە بکە لەگەڵ لاریت بۆ کاریگەری سۆزداری تەنها کە گوێبیستی وشەی خودا دەبیت.

**پ) ئەو تۆوانەی کەوتنە نێوان دڕکەکان** وێنەیەکە لە دڵی لەت کراو و سەرقاڵ بە خەمی جیهان. ئەو کاتەی باری دڵت و هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبێت، ئەوا تۆ وەڵامدانەوت هەیە لەگەڵ شتیتر لەپاڵ وەڵامدانەوت بۆ وشەی خودا. چونکە پێشینەییەکانت هەڵەن. هەروەها تۆ بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی بە خەمی ژیان و خۆشەویستی سامان و خۆشیەکانی ژیان، هەروەها حەزی ئەو شتانەی کە خودا رازی ناکات. بەم شێوەیە کارەکانی ئەم جیهانە کارەکانی خودا دەخنکێنێت، لە ئەنجامدا وشەی خودا هیچ بەروبوومێك لە ژیانت ناهێنێت.

وانەی سەرەکی ئەوەیە کە دڵت بە پاکی و ڕاستوودروستی و چاکە بپارێزیت (لۆقا8: 15). پێویستە دڵت سەربەخۆ بگریت لە خەمەکانی ژیان و خۆشەویستی سامان و خۆشیەکان ژیان، واتە کاریگەریان نەبێت لەسەر دڵت. پێویستە یەکسەر مامەڵە لەگەڵ خەمەکانت و هەوەسە هەڵەکانت بکەیت سەبارەت بە دەوڵەمەندی و خۆشیەکانی جیهان و حەز و پێشینەییە هەڵەکانت.

**ت) ئەو تۆوەی کەوتۆتە سەر زەوی باش** وێنەیەکە لە دڵی وەڵامدەر، ئەوەی کە وشەی خودا دەپارێزێت. هەروەها ئامادەیی چاکی هەیە و بەروبووم دێنێت. ئەو کاتەی باری دڵت و هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبێت، وەڵامدانەوت لەگەڵ وشەی خودا بەو شێوەیە دەبێت کە عیسای مەسیحی خودوەند لێتی دەوێت.

1) بە پێچەوانەی زەوی یەکەم، بەبایەخەوە گوێبیستی وشەی خودا دەبێت و پەسەندی دەکەیت (مەتا13 23، مەرقۆس4: 20).

2) بە پێچەوانەی زەوی دووەم، لە سەختترین دۆخێکدا لە ناخی دڵت دەیشاریتەوە (لۆقا8: 15).

3) بە پێچەوانەی زەوی سێیەم، دڵت بەپاکی دەپارێزیت لە هەموو ئەوەی وشەی خودا بخنکێنێت (لۆقا8: 15). لە ئەنجامدا بە ئارام کردن و هەوڵدان بەروبوومت دەبێت بۆ خودا (لۆقا8: 15). هەندێ جار 30 جار دەبەخشیت یاخود هەتاکو 100 جار (مەتا13: 23، مەرقۆس4: 20).

**ج) پەیامی ئەم نموونەیە.** باری دڵت و هەڵوێستت وەڵامدانەوەت دەست نیشان دەکات لەگەڵ وشەی خودا. هەروەها شێوازی وەڵامدانەوەت لەگەڵ وشەی خودا بڕی ئەو بەروبوومە دەستنیشان دەکات کە دەیبەیتە لای خودا (ئایا کاریگەری ڕوحیت چەند دەبێت کە بەدەستی دەهێنی)

**2** نموونەی ئەو تۆوانەی کە بە شێوەیەکی نادیار گەشەدەکەن

> **بخوێنە:** (مەرقۆس4: 26-29).
>
> **بدۆزە و گفتووگۆبکە:** پەیامی نموونەی ئەو تۆوانە چییە کە بە شێوەیەکی نادیار گەشەدەکەن؟

**تێبینییەکان:**

**ئـ) گەشەکردن نهێنییەکی نادیارە لەلای خەڵك** (مەرقۆس4: 26-27). لە جیهانی سروشتدا، دەبینین کە گەشەکردن هەردەم نهێنییەکی نادیارە! ئەگەر باسی گەشەی ڕووەك و دارەکان بکەین یان باسی گەشەی ئاژەڵەکان، یانیش گەشەی مرۆڤ. هیچ کەسێك نییە بتوانێت بە ڕوونییەکی تەواو بۆمان ڕوون بکاتەوە بۆچی گەشەکردن ڕوودەدات. چێنەر تۆو فڕێدەداتە سەر زەوی کێڵگەکەی و بە تەواوی دەزانێت کە توانای گەشەپێکردنی ئەو تۆوانەی نییە. چونکە ئەو توانای نییە لەسەر کرداری ڕووان و چرۆکردن و گەشەکردن و پێکهێنانی بەر و پێگەیشتنی بەر. چونکە زۆر شەو و ڕۆژ تێدەپەڕێت بێ ئەوەی چێنەر هیچ شتێك بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەشەکردن ڕوودەدات. بەبێ ئەوەی بزانێت. بەڵام بۆ ئەوەی پێگەیشتنی تۆوەکان مسۆگەر بکات سەریان دادەپۆشێت، گیایە زەرەرمەندەکان لادەبات و زەویەکە دەکێڵێت و پەیین دەڕژێنێت و ئاوی دەدات. ئەم هەموو شتە کرداری گەشەکردن ئاسان دەکات، بەڵام نابنە هۆی گەشەکردن. چونکە ئەوەی چێنەر پێی دەکرێت تەنها ئەوەندەیە کە متمانەی هەبێت کە تۆوەکان گەشە دەکەن، هەروەها بە ئارامەوە چاوەڕێبکات تا کاتی دروێنە دێت. بەم شێوەیە دەبێت بابەتی گەشەکردن بۆ خودا بەجێبهێڵێت و متمانەی هەبێت کە خودا کار دەکات. هەروەها گەشەی ڕوحی نهێنییە. چونکە خودا بەرپرسە لە گەشەی شانشین لە دڵ و ژیانی گەلەکەی. چونکە بەهۆی ویستی چاکی تۆوە ڕوحییەکان، کە وشەی خودا-کاریگەری بەهێزی زیاتر دەکات لە دڵ و ژیانی باوەڕداران و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی (یۆحەنا3: 5-8) (1کۆرینسۆس3: 5-9).

**ب) هێزی خڕبوو لە تۆوەکان** (مەرقۆس 4: 28). ئەو تۆوانەی لە زەوی دانراوە هەڵدەستێت بە ڕووان و چرۆکردن و گەشەکردن و ڕووانی قەدی درێژ و گوڵ کردن، پاشان گەنم لەناو گوڵەکە. هەموو ئەمانە لە خودی خۆیەوە ئەنجامی دەدات بەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا، بەبێ هیچ یارمەتییەکی مرۆیی، وەك ئەوەی بڵێت خودا ئەم تۆوە بچووکانەی ئامانەتی نهێنی گەشەکردن کردووە.

بۆیە ئەم تۆوە دەزانێت کە دەبێت چی بکات و کەی بیکات و چۆن بیکات. واتە خودا لەم تۆوە بچووکانە هێزێك یاخود توانایەکی مەزنی شاردۆتەوە. بەم شێوەیە وشەی خودا خاوەن هێزێکی مەزنە. بۆیە باوەڕداران هەموو توانایەکیان دەخەنە گار بۆ گەیاندنی وشەی خودا بۆ ئەوانی تر تاکو بیزانن و گوێڕایەڵی بکەن لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان وەك ماڵ و کلێسا و دەزگا حکومییەکان و دەزگا پەروەردەییەکان و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و هۆیەکانی راگەیاندن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی خودا دەزانێت کە دەبێت چی بکات و کەی دەیکات و چۆن دەیکات، هەموو ئەمانە بەبێ یارمەتی مرۆیی. چونکە وشەی خودا کەم کەم لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر، لە نەتەوەیێکەوە بۆ نەتەوەیێکیتر دەگوازرێتەوە و وا دەکات لە هەمووان پلە پلە هەست بە هێزی بکەن لە هەموو لایەنەکانی ژیان. (1پەترۆس1: 23-2: 3) (کردار19: 10).

**پ) کاتی دروێنە سەرکەوتنی کۆتاییە.** (مەرقۆس4: 29) دەفەرموێت ﴿*بەڵام کاتێ بەرەکە پێدەگات، یەکسەر داسی لێ بەگەڕ دەخات، چونکە دروێنە هاتووە*﴾ لێرەدا دیمەنێکی جوانی کاتی دروێنە دەبینین: (لەناکاو)، کە کاتی دروێنە دێت جێنەر هەڵدەستێت بە دروێنە کردنی بەروبوومەکان بە بێ دواکەوتن. چێنەر لەم راستییەدا دڵنەوایی و هاندانێکی گەورە دەبینێت ئەوەی کە هانی دەدات بۆ چاوەڕێ کردنی کاتی دروێنی بە ئارامەوە، چونکە کاتێك دێت سەرکەوتنی گەورە بە تەواوەتی دێت. بەم شێوەیە بێگومان ئەو پیلانەی خودا کە پەیوەندی هەیە بە شانشینی دەبێت. هیچ گومانێك نییە لەوەی خودا ئاگادار دەبێت لە هاتنی شانشین. هەرچۆن رووەکەکە گەشە دەکات (هەتاکو ئەگەر چێنەریش نەیبینێت) بە گوێرەی ئەو یاسایانەی بۆ جیاکراوەتەوە و خودا بۆی داناوە. کاری خودا لە شانشینەکەی گەشە دەکات بەپێی ویستی خودا هەتاوەکو ئەگەر هەموو کات ئەوە نەبینین. چونکە لەو کاتەی خودا گونجاوی دەبینێت بەپێی پیلانەکەی، ئەوا شانشینی خۆی بە هەموو مەزنیەکەی ئاشکرا دەکات (مەتا13: 41) (بینین11: 15).

**ت) پەیامی ئەم نموونەیە.** تەنها خودا - نەوەك مرۆڤ- دانەری گەشەی روحییە. ئەو شانشینی دادەنێت و گەشەی پێدەکات لە دڵ و ژیانی خەڵکی لەسەر زەوی. ئەم نموونەیە وریاکردنەوەیە لە هەڵچوونی زیادی مرۆڤ و پەلەی زیاد لە هەستان بە کاری خودا. چونکە خەڵکی دەپرسن (بۆچی خودا هەڵناستێت بە دامەزراندنی شانشینی بە تەواوەتی لە کاتێکی زوودا لەم جیهانە تاریك و پڕ ستەمە؟) بەم شێوەیە زۆر جار ئەنجامی پەلەکردن دامرکانەوە و رەشبینی و دوودڵی و لەدەستدانی مەبەست و تەواو بوونی ئارامی دەبێت. بەڵام ئەم نموونەیە دەیەوێت رەشبینیمان بگۆڕێت بۆ گەشبینی و نموونەیەکی شیاو. لەهەر کوێ بچێنین، رۆژی دروێنە دەبێت (ئیشایا55: 11). لەگەڵ بوونی زۆر شت کە تێی ناگەین، بەڵام پیلانی خودا نابێت هەرەس بێنێ.

پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو نموونەیە 3

**فێربکە:** نموونەی چێنەر جەخت دەکاتە سەر **بەرپرسیاریەتی مرۆڤ** لەوەی پەیوەندی هەیە بە گەشەی روحی. چونکە ئەنجامی گەشەی روحی لە ژیانت بە وەڵامدانەوەت لەگەڵ وشەی خودا بەستراوە، هەروەها وەڵامدانەوەت لەگەڵ وشەی خودا بە بار و هەڵوێستی دڵت وەستاوە. نموونەی تۆوەکان کە سەربەخۆی گەشەدەکات بە شێوەیێکی نادیار جەخت دەکاتە سەر **سەرکردایەتی خودا** لەوەی پەیوەندی هەیە بە گەشەی روحی. چونکە تەنها خودا — نەوەك تۆ- دانەری گەشەی روحییە لە ژیانت. ئەو بە سەرکردایەتی تەواوی کاردەکات بۆ دامەزراندنی شانشینی یان شایەتی لە دڵت و بڕیار دەدات کە چۆن ئەوە روودەدات لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانت لەسەر زەوی. ئەم راستییە ئەو راستییە رەت ناکاتەوە کە دەڵێت پێویستە باوەڕداران لەگەڵ خودا بەیەکەوە کار بکەن (1کۆرینسۆس3: 6-9). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نموونەیە جەخت دەکاتە سەر کاری خودا بە سەرکردایەتی تەواوی لە دڵ و ژیانی خەڵکی. چونکە تۆو ناتوانێت گەشە بکات و بەرهەم بهێنێت هەتاوەکو خودا رێگای پێنەدات.

## ب ) قۆناغەکانی گەشەکردن

**1** قۆناغەکانی گەشەی سروشتی رووەك

**بخوێنە:** (مەرقۆس4: 28-29).

**وێنە بکێشە:** وێنەیەك بکێشە بۆ ئەو گەشەکردنە جیاوازانەی کە لەم ئایەتانە باسکراوە.

**تێبینییەکان:** وێنەی شیکاری بۆ قۆناغەکانی گەشەکردن.




**فێربکە:** گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری گەشەکردن زۆر بە سستی دەکرێت، بە پلەیەك کە نابینرێت. چێنەر ناتوانێت ئەو چرکە دیاریکراوە بزانێت کە قەدی گوڵ تێیدا دەردەچێت یاخود ئەو ساتەی گوڵەکە پڕ دەبێت لە گەنم. بەڵام گەشەکردن شتێکی بێگومانە لە بارودۆخی ئاساییدا. هیچ شتێك نییە بتوانێت کرداری گەشەکردن رابگرێت. لەلایەنی لەشی، هەموو شتە زیندووەکان یان گەشە دەکەن یاخود دەمرن، بەڵام ناتوانن بە هێمنی بوەستن. چونکە بوونەوەرە زیندووەکان دەبێت گەشە بکەن ئەگینا دەمرن. بوونەوەرە زیندووەکان ناتوانن بە هێمنی بوەستن وەك بەرد یان وەك ئۆتۆمبیل. هەروەها هەموو بوونەوەرە زیندووەکان بە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردن تێدەپەڕێت. بۆیە دەبێت باوەڕداران بە روح گەشەبکەن و بە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردن تێبپەڕن.

**1** قۆناغەکانی گەشەکردنی روحی بۆ باوەڕداران

**ئـا سێ قۆناغی گەشەکردن باوەڕداران لە پەرتووکی (نامەی عیبرانییەکان).**

**بخوێنە:** (عیبرانییەکان5: 11 – 6: 3). نووسەری پەرتووکی عیبرانییەکان باوەڕداران سەرزەنشت دەکات پێیان دەڵێت کە لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەسەر باوەڕیان تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا گەشەیان نەکردووە.

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئەو سێ بەشە جیاوازەی باوەڕداران چییە لەم برگەیەدا؟ هەروەها سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك لەم سێ بەشە چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو سێ بەشەی باوەڕداران لێرە (منداڵان) (پێگەیشتووان) (مامۆستایان)ە. بەڵام سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**منداڵان**

| | |
|---|---|
| ئایەتی11: | گرانی دەبینن لە تێگەیشتنی کتێبی پیرۆز. |
| ئایەتی11: | بەسستی فێردەبن. پێویستیان بە کات و جوڵانەوە و دووبارەکردنەوە و هاندانێکی زۆر هەیە. |
| ئایەتی12: | پێویستییان بە مامۆستا هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە تێگەیشتن و گەشەکردن. |
| ئایەتی12: | پێویستییان بە شیر هەیە (فێرکردنی کتێبی زۆر ئاساند). |
| ئایەتی13: | هیچ ئەزموونێکیان نییە لە فێرکردنە راستەکانی کتێبی پیرۆز. |
| ئایەتی14: | گرانی دەبینن لە جیاکردنەوەی چاکە و خراپە. |

**پێگەیشتووان**

ئایەتی14: خۆراکی پتەو دەخۆن (بەخۆیان کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە).

ئایەتی14: کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنن و فێرکردنەکانی لە ژیانیان جێبەجێ دەکەن.

ئایەتی14: چاکە و خراپە لەیەك جیا دەکەنەوە.

---

**مامۆستایان**

ئایەتی12: منداڵان فێردەکەن بۆ ئەوەی گەشە بکەن و پێبگەن.

> **ب) سێ قۆناغی گەشەکردن باوەڕداران لە پەرتووکی (یەکەم نامەی کۆرینسۆس).**
>
> **بخوێنە:** (1کۆرینسۆس2: 15 – 3: 11). پۆڵسی نێردراو بۆ کلێسای کۆرینسۆس دەربارەی راستی مرۆڤی (روحی) دەنووسێت.
>
> **بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئەو سێ بەشە جیاوازەی باوەڕداران چییە لەم برگەیەدا؟ هەروەها سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك لەم سێ بەشە چییە؟
>
> **تێبینییەکان:** ئەو سێ بەشەی باوەڕداران لێرە (منداڵان) (پێگەیشتوان) (مامۆستایان)ە. بەڵام سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك

**منداڵان**

ئایەتی1: هێشتا وەك خەڵکی جیهان هەڵسوکەوت دەکەن.

ئایەتی3: ئیرەیی و ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە.

ئایەتی4: دابەش دەبن و حزبایەتی دەکەن.

**روحییانەکان (پێگەیشتووان)**

ئایەتی16: بە بیرۆکەکانی عیسای مەسیح بیردەکەنەوە.

ئایەتی1: روحییەکان.

---

**مامۆستایان**

ئایەتی5: خزمەتکاری خودان. خودا هەر خزمەتکارێکی بە کارێکی دیاریکراو راسپاردووە.

ئایەتی6: هەندێ لە کرێکارەکان دەکێڵن (جار دەدەن)، هەندێکیان کێڵگەی خودا ئاو دەدەن (بایەخ بە باوەڕدارە پێنەگەیشتووەکان دەدەن).

ئایەتی10: هەندێ لە کرێکارەکان بناغە دادەنێن ( خەڵکی بەرەو عیسای مەسیح دەبەن)، هەندێ لە کرێکارەکان بینای خودا بیناد دەنێن (قوتابێتی بە باوەڕداران دەکەن تاوەك و پێدەگەن).

> **پ) سێ قۆناغی گەشەکردن باوەڕداران لە پەرتووکی (یەکەم نامەی یۆحەنا).**
>
> **بخوێنە:** (1یۆحەنا2: 12 – 14). یۆحەنای نێردراو بۆ کورە روحییە جیاوازەکانی دەنووسێت.
>
> **بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئەو سێ بەشە جیاوازەی باوەڕداران چییە لەم برگەیەدا؟ هەروەها سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك لەم سێ بەشە چییە؟
>
> **تێبینییەکان:** ئەو سێ بەشەی باوەڕداران لێرە (کوڕان) (لاوان) (باوکان)ـە. بەڵام سیفەتە جیاوازەکانی هەر بەشێك بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**کوڕان**

- ✓ لە گوناهەکانیان خۆشبوو.
- ✓ خودای باوکیان ناسی.

**لاوان**

- ✓ بەهێزن.
- ✓ وشەی خودا لە ناخیان نشتەجێیە.
- ✓ بەسەر شەیتانی ستەمکاردا

**باوکان**

- ✓ کوڕانی (روحی) هەیە.
- ✓ ماوەیەکی زۆرە خودا دەناسن.

## پ ) ئەو وانانەی پەیوەندی بە گەشەکردن هەیە

1 گەشەکردنی باوەڕداران

**فێربکە:** پێویستە هەموو باوەڕدارێك گەشە بکات. چونکە پۆڵس و یۆحەنای نێردراو و نووسەری نامەی عیبرانییەکان بە روونی ئاشکرای دەکەن کە پێویستە باوەڕدار گەشە بکات. چونکە ژیانی باوەر کارێکی بەردەوامییە نەوەك کارێکی کاتی. ژیانی باوەر بە گەشتێکی دوور دەچێت لە ژیان کە ناوەستێت.

2 قۆناغەکانی گەشەکردنی باوەڕداران **فێربکە:**

**ئـا قۆناغەکانی گەشەکردنی باوەڕداران.**

کتێبی پیرۆز باسی سێ قۆناغی گەشەکردن دەکات:

1- قۆناغی منداڵی (باوەڕداری نوێ).

2- قۆناغی پێگەیشتن (قوتابی).

3- قۆناغی خزمەتکار ( کرێکار).

هەندێ جار ئەم قۆناغانە لەلای باوەڕدار لاتێکەڵ دەبێت.

**ب ) پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێك گەشەی بکات و پێشبکەوێت تاکو دەگاتە قۆناغیتر.**

1. ئەگەر باوەڕدارێکی نوێت (تازە باوەڕت هێناوە بە عیسای مەسیح).

- پێویستت بە فێرکردنی کتێبی سەرەتایی هەیە.
- پێویستت بە باوەڕدارێکی پێگەیشتوو هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە گەشەکردن.
- ئامانجت ئەوەیە گەشە بکەیت بۆ ئەوەی ببیتە پێگەیشتوو. (بۆ ئەوەی ببیتە قوتابی عیسای مەسیح).

2. ئەگەر قوتابیت (پێگەیشتوویەکی):

- بەرپرسیاریەتی گەشەکردنی روحی و هەڵسوکەوتەکانت بخە ئەستۆی خۆت.
- کتێبی پیرۆز بخوێنە و فێرکردنەکانی جێبەجێ بکە (بەتەنیا یاخود لەگەڵ باوەڕدارانیتر).
- ئامانجت ئەوەیە گەشە بکەیت بۆ ئەوەی ببیتە کرێکارێك عیسای مەسیح.

3. ئەگەر کرێکاریت (خزمەتکاری عیسای مەسیح و کلێساکەیت):

- بەردەوام بە لە گەشەکردن وەك قوتابیەکی عیسای مەسیح.
- خزمەتی خودا بکە لە رێگای بەدەستهێنانی خودە ونبووەکان، یان بونیاتنانی دڵسۆزەکان.
- ئامانجت ئەوەیە خودا شکۆدار بکەیت و شانشینی خودا گەورە بکەیت و لە ژیانی خەڵکانیتر بەرهەم بهێنی بۆ خودا.

## ت ) هەڵسەنگاندنی کەسی

1 نزا بکە و هەڵسەنگێنە

بە هێمنی خۆت هەڵسەنگێنە.

کام لەم سیفەتانەی خوارەوە بە شێوەیەکی ورد وەسفت دەکات. خودا دەیەوێت لەم بارەیەوە چی بکەی؟

2 نزابکە و بەڵێن بدە

ئەگەر باوەڕداری نوێی، بەڵێن بدە ببیتە قوتابی عیسای مەسیح (باوەڕدارێکی پێگەیشتوو).

ئەگەر قوتابیت، بەڵێن بدە ببیتە کرێکاری عیسای مەسیح.

- جار بدەی بە پەیامی ئینجیل.
- قوتابێتی بە کەسانیتر بگەینە.
- فێربکەیت و ئامۆژگاری بکەیت.
- بەشداربە لە یەکێك لە خزمەتەکانی کلێسا یان لە شانشینی خودا.

## نزا

بە نۆرە وەکو گروپ نزا بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نزاکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یاخود داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێنبدە گەشە بکەیت بۆ ئەوەی ببیتە باوەڕدارێکی پێگەیشتو و بە بەروبووم.

**خەڵوەتی روحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی روحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (یۆحەنا4: 23 – 7: 52). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (بینین21: 1 – 22: 6). بۆ کوێ دەڕۆم؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

**نزا:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نزا بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی روحی، دەرخ کردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.